

# ژیان لە دەرەوەیماڵەوە

**نەجات نوری**

گێڕانەوەکان بۆ تەمەنی ئەم (کەسە) رەنگە گوناهێکی گەورەبێت، گوناهێک بێت کە تەنیا من دەتوانم هەموو سزاکانی وەربگرمو لە هەموو شوێنێکدا بەرگەی ناڕەزاییەکانی ئەم کەسە بگرم کە قەت نەیدەویست ئەم گێڕانەوانە لای کەس بگێڕدرێتەوە. ئێوارانێک لە نزیک ماڵە نەدارو پەڕپووتەکان ئەوەی پێ وتم: ناکرێ تا حەرفێکی ژیانی من لەم کۆڵانەدا بگێڕیتەوە، لە هەر کوێیەک بم لەو کەسانە نابوورم کە جارێک لە جاران لە رابووردووم بدوێن، لەم کۆڵانەدا گوناه دەبێت بەر هەمووومان بکەوێت.

بەدرێژایی چەندین ساڵ من، منی گێڕەرەوەی ئەم وشانە لە خەمی ئەوەدابووم پێش ئەو کەسە بمرمو نەتوانم شتەکانی بگێڕمەوە، من ئێستا ئەم وشانە بۆ شەقامە غەمگینەکانی ئەم شارە دەگێڕمەوە بۆ کەسی تر نا، زۆرکات سەرم دادەخەمو هەموو شتێکی ئەو کورە بۆ شەقامەکان دەگێڕمەوە، دەزانم لەم ولاتەدا سەدان نهێنیو گرێی دەروونی زۆر ئاڵۆز هەبوون لای خەڵکی، کەس پێی نەزانیوون لەگەڵ رۆژگاردا ئەو نهێنیانە ون بوون، من ناتوانم ئەم شتانە نەگێڕمەوە، بەڵام بۆ خەڵک نا، چونکە خەڵک هەمیشە باش لە شتەکان ناگەنو درۆ بەناوتەوە دەکەن، بۆ خاتری ئەوەی کەمێک گوناهەکانم سوکتربن ناوی ئەو کەسە ناڵێم، تا ئەگەر لێیشم تورە بوو سەدان سوێندی بۆ دەخۆم کە ئەم گێڕانەوانە هی ژیانی ئەونینو هی کەسانی ترنو بۆ کەسیشم نەگێڕاوەتەوە، پێی دەڵێم ئاخر ژیانی زۆر کەس لێرە لەیەک دەچێت، پێی دەڵێم من هەمیشە شتەکان بۆ شەقامەکان دەگێڕمەوە نەک بۆ خەڵکی.. ئاوای پێ دەڵێم.

## ماڵی مردووەکان...

رۆژێک نەبوو من لێی نەبیستم کە ماڵی ئەوان ماڵی مردۆکانە، زۆرکات دەستی دەخستە ناو ریشە زبرەکەیەوەو دەیوت: بەشێکی زۆری ئەو رۆحانەی لەم کۆڵانەدا وندەبن لە ماڵی ئێمەدا بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێننەوە، ئەو رۆحانە هەمیشە بەشێک لە گوناهەکانیان لە ماڵی ئێمەدا بەجێدەهێڵن، داواکارم کەسێک نەک خودا ماڵی ئێمە بۆ هەمیشە نغرۆبکات.

بەشی زۆری رۆژانی تەمەنی ئاوا بۆ دەگێڕامەوە، باسی سەفەری مردووەکانی بۆ دەکردم، باسی ئەو حیکایەتانەی بۆ دەکردم کە لە نێوانی دایکو باوکیدا دەربارەی مردووەکان باسدەکران، ئەو جارێک بە یەکێک لە مامۆستاکانی وتبوو، کە دەتوانێت باشترین چیرۆک لەسەر مردۆکان لەم کۆڵانەدا بنووسێتەوە، ئەو هەر وایشیکرد، لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا مامۆستای ئاین پێی وتین دەبێ هەریەکەتان دارشتنێک دەربارەی مردن بنووسن، ئەو رۆژە کە هاتینە دەرەوە بەمنی وت (کەس بەقەدەر من لە دونیای مردووەکان نازانێت، بەم مامۆستا گەمژەیەیشەوە) بیرمدێت هەفتەی دوایی لە ناو قوتابخانەکەماندا لە نێوان مامۆستاکاندا شپرزەیی پەیدابوو، بەجۆرێک کە مامۆستای ئایین خەریکی خوێندنەوەی دارشتنە چوار لاپەڕەییەکەی ئەو بوو، هێشتا نەگەیشتبووە کۆتایی لاپەڕەی چوارەم، ئەو مامۆستایە وەکو بدەیت بەسەریدا لە ناو پۆلەکەدا بورایەوە، چوار پەڕەکەو ئەویان برد بۆ ژووری بەڕێوەبەر، مامۆستای ئایین لە دوای هۆشهاتنەوەی نەیدەوێرا تەماشای رووی ئەو قوتابیە بچکۆلەیە بکات، ئەو دارشتنەکەی ناونابوو (ماڵی مردووەکان) لە سەرەتای دێڕەکانی ئەو دارشتنەدا نوسیبووی (رەنگە زۆر کەس وابزانێت ئێمە زیندووین، هەمووتان بروا بەوە بهێنن ئێمە مردووین، خودا لە دوای زیندووبوونەوەمان ئێمەی لەم سەر زەمینەدا فرێداوە، چونکە کەسێک نیە لە ئێمە گوناهبارتربێت، لێر خودا پیاوێکی بۆ ناردووین لەبری گوناهەکانمان رۆژانە سزامان دەدات، بروا بەوە بهێنن ئێرە بەشێکە لە دۆزەخ، ئەم قوتابخانەیەش چەند ژوورێکە لەو دۆزەخە مەزنە...) من نازانم ئەو چوار لاپەڕەیە چیی



بەسەرهاتو مامۆستای ئاینیش ئیتر قوتابخانەکەی بۆ هەمیشە بەجێهێشت، ئەو خۆی داواجار بۆ منی گێڕایەوە کە دەتوانێت هەزاران لاپەڕە لەسەر مردنو سەفەری مردووەکان بنووسێت، ئەو دەیوت ماڵی ئێمە یەکەم شوێنە کە مردووەکان سەری لێدەدەن، ئەوان واتا مردووەکان لەگەڵ باوکمدا دەدوێنو زۆرکات رووخسەتی لێ دەخوازن کە بۆ ماوەیەکی زۆر بچنە سەفەر، سەفەری رێگاکانی ئەو شاخو کێوانە یان ئەو بیابانانە، یان ئەو دەریایانەیی کە بەردەوام جەنگەکان تێیاندا روودەدەنو مرۆڤەکان تێیاندا دەبنە قوربانی، ئاوا بەردەوام ئەو لە ماڵێک دەدوا کە هەمیشە رۆحی مردووەکانی تێدایە، لەو ماڵەیشدا باوکی بە مردوویەکی تاسەر گوناهبار دەزانی.. لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە، بەیەکەوە دەچووینە قوتابخانە، زۆربەی کات هەردووکمان بۆ دەیان رۆژ فلسێکمان پێ نەبوو تا لەحانوتی قوتابخانەکەدا خەرجی بکەین، چەند بەیەکەوە ئازاری ئەو رۆژە سەخیفانەمان لە دەرووندا هەڵگرتبوو، من قەت ئەوەم بیرناچێت ئەو کەسە لە جەژنەکانیشدا نەیدەتوانی پڕ بە دڵی خۆی سواری چەرخوفەلەق ببێتو یەک دوو میزەڵانی سوور بکڕێت. ماڵی ئەوان ماڵێک بوو بەدبەختتر لە ماڵی ئێمە، جیاوازی منو ئەو تەنیا لەوەدابوو دوای ساڵانێکی زۆر من توانیم هەموو حیکایەتی بەدبەختیی ئەو بگێڕمەوە، ئەو نەیتوانی تاکە حەرفێک لە ژیانی خۆی و من بۆ کەس بگێڕێتەوە.. ئێمە منداڵی ئەو کۆڵانەی کە هەموو کچو ژنەکانی لەچک بەسەربوونو پیاوەکانیشی تاسەر ئیماندار، ئەمە پیاو و ژنە بەدبەختەکانی ناو چوارچێوەی خانووەکانی ئەو کۆڵانە بوون، ئێمە هەردووکمان کوڕی ئەو کۆڵانە هیچ و پووچە بووین، کوڕی کۆڵانێک کە پڕبوو لە دەردو منداڵی هەژارو هیچ نەبوو، لە قوتابخانە هەردووکمان چەند لەو مامۆستا زلە رەشتاڵەیە دەترساین کە وانەی بیرکاریی پێ دەوتینەوە، کە لە هەردووکمان نزیک دەبووە هەستمان دەکرد ملمان هەڵدەکێشێت.. ئەو رۆژانە بۆ ئێمە پڕبوو لە ترس ونەبوونی، دەیان جار هەردووکمان بەیەکەوە لە لاخواری حەوشەی قوتابخانەکەدا پێکەوە دەگریاین، هەمیشە بەمنی دەوت (بۆنی ئەو پاروانە چەند خۆشە کە منداڵەکان دەیخۆن) من هەموو شتەکانی ژیانی خۆمم کردە قوربانی بۆ گێڕانەوەی حیکایەتەکانی ئەو، لەپشووی وانەکانیشدا ئەو دەچووە سوچێکی گۆڕەپانی قوتابخانەکەوەو وەکو نەخۆشێک لە ئێمەی دەڕوانی، هەمیشە لەو ساڵانەدا من نەمبینی بوو قژی دابهێنێت، ئەو هەستی نەدەکرد کە سەری هەیە، ئەی بۆچی بەردەوام هەر تاڵی قژێکی بەلایەکدا چووبوو. ئەو جارێک بەمنی وت (دەستم نازانێت سەرم لە کوێدایە) ئاخر هەموو ئەندامەکانی جەستەی ئەم کوڕە وای دەنواند کە هەر یەکەیان بۆخۆی خاوەنی جەستەیەکی ترە.
لە پۆلی چوارەمی سەرەتاییدا جارێک پێی وتم (کە دەگریم فرمێسکەکانم با دەیان باو دەرخواردی باڵندە تینووەکانی دەدات). ئەو رۆژە مامۆستای سروود کە گوێی لەو قسەیەیی بوو، سەیر لێیهاتە پێشەو بۆ چەند جارێک داوای لێکرد ئەو رستەیە بڵێتەوە، دواتر ئەوی بە بەرچاوی هەموومانەوە برد بۆ ژووری بەڕێوەبەرو لەوێش بۆ دەیان جار ئەو رستەکەیان پێ وتبووەوە، مامۆستای سروود کە گەڕاندییەوە بۆ ناو پۆلەکەمان پێی وت: دەزانم تۆ لە ئایندەدا دەبیت بە شاعیرێکی زۆرباش.



بەڵام ئەو مامۆستایە بەهەڵەداچوو ئیتر ئەو کە زۆرکات قسەی بۆ بکردمایە بە سوکی بە گوێمدا دەیچرپاند تا کەس گوێی لێنەبێت. ئەو ماڵەکەیان پڕبوو لە کتێبی فەرموودەکانی خوداو پێغەمبەرو خەلیفەو پیاوچاکان، باوکی ئەو پیاوێک بوو هەمیشە مردووی دەشۆرد.. پیاوێک بوو بەردەوام تەزبیحێکی دەنک گەورەی سەوزباوی بەدەستەوە بوو، بەردەوام دروودی دەخوێند، ماڵی ئەوان پڕبوو لە بۆنی بغوردو نەعناو عەتری تیژ، دایکی دیوارەکانی بەو بۆنانە دەڕشت، ماڵێک بوو لەماڵی فریشتەی دەکرد تا ماڵی مردووەکان، قەدەری زۆر کەس لێرە وابووە تامردن نەتوانێت هیچ دەربارەی ئەم ماڵانە بگێڕێتەوە لەم کۆڵانەدا، بەڵام من ناتوانم ئەم ماڵە وەکو خۆی باسنەکەم، ئەم ماڵە پڕبوو لە حەرفی دروودەکان، ماڵێکی ترم نەدەزانی لەم شارەدا وەکو ئەم ماڵە وابێت، جارێک ئەو بۆ خۆی پێی وتم (دایکم بۆی گێڕامەوە کە من شەوێک لەدایک بووم، باوکم خەریکی شۆردنی تەرمی کوڕێکی کوژاوبووە، ئەو کوڕە لەباوەشی کچێکی قەیرەدا شەو دەکوژرێتو تەرمەکەی لە ناو زقم و بەفردا فڕێدەدەن) ئەو ماڵە بەردەوام پڕبوو لە کفنی مردوو.

## دۆزینەوەی نامەکان..

ئەو نامانەی من لێرەدا بۆ شەقامەکانی دەخوێنمەوە نامەی نووسراوی سەر لاپەڕە نین، سەدان نامەن کە لە ناو ناخی ئەو کەسەوە من دەیان خوێنمەوە، یان بۆخۆی جار جار ئەو نامانەی ناو ناخی خۆیم بۆ دەخوێنێتەوە، پێکەوە بە هەموو شتە ناشیرینەکانی تەمەنمانەوە گەیشتبووینە پۆلی چواری ئامادەیی، رۆژانی منداڵیمان بە هەموو ناخۆشی و بەدبەختییەکانییەوە جێهێشت، تا ئەو تەمەنە ئێمە بە ناو هەواڵی جەنگو برسێتیو نەبوونیدا دەهاتین، جەنگ بەشێکی زۆری تەمەنی ئێمەی بردبوو، بیرمانی پڕکردبوو لە هاواری بریندارەکان، گریانی منداڵو ژن و کەسوکاری کوژراوەکان، ئەو بە منی دەوت: کەس ناتوانێت ئەو شتە هیچ و پووچانە لەبیری ئێمەدا بسڕێتەوە، هەمیشە لەو کۆڵانەوەدا هەستمان دەکرد دونیا خاپوردەبێت، بەیانیان ئێمە لە دوورەوە بە دەنگی گریانی خەڵکی خەبەرمان دەبووە، ئەو کەسانە بۆ تەرمی کوڕە کوژراوەکانیان دەگریانن، ئاوا لە ناو ئەم شتانەدا ئێمە گەورەبووین، بەشێک بووین لە جەرەتاو و شتی ناشیرین، من بۆ خۆم نازانم چۆن چۆنی گەورەبووم! ئەوکاتانەی کە قوتابیی کۆڵانەکانی تر باسی عەشقو خۆشەویستیو خۆشییەکانی ژنهێنانیان لەگەڵدا دەکردین (ئەو) شەرم دەیگرتو لە شەرمدا سوورهەڵدەگەڕا، بێدەنگ لە هەموومانی دەڕوانی. ئەو بە منی دەوت (لەماڵی ئێمەدا باسکردنی ئەم شتانە گوناهێکی گەورەیە) سەیری لەو قوتابیانە دەهات کە نامەیان بۆ قوتابییە کچەکان دەنووسی. یەکێک لەو قوتابیانەی ناو پۆلەکەمان کە ناوی (دلێرە سوور) بوو زۆرکات ئەو نامانەی کە لە کچانەوە بۆی دەهات بە دەنگی بەرز لە پۆلدا بۆ قوتابییەکانی دەخوێندەوە، ئەو وەکو قوتابییەکانی تر بە وشەی ناو نامەکان پێنەدەکەنی، هەموو گیانی ئەو بێدەنگی و شەرم بوو، ئەو رۆژانە بۆ ئێمە رۆژانێکی ناخۆشو خەماوی بوون، پێکەوە هیچمان لە عەشق و نامەنووسین و شوێنکەوتنی کچان نەدەزانی، هەردووکمان وەکو





دوو حەیوانی ماڵی دەهاتینو دەچووین، لە کۆڵانە خۆڵاویو خەماوییەکەماندا پێکەوە ڕۆژمان بەڕێ دەکرد، ئێمە لەیەکێک لەو ئێوارانەدا بۆ یەکەمجار دیمەنی کوشتنی ئەو کوڕەمان بینی کە هەمیشە باسی دادپەروەریو ڕزگاریی بۆ خەڵکی دەکرد، کوڕێک بوو هەمیشە کڵاویکی ڕەشی لەسەردابوو، ئەو کوڕی پیاوێکی بازرگان بوو، ئێمە بینیمان لە لاخوارووی کۆڵانەکەماندا دووکەس چەند گوللەیەکیان نا بەسەرو ملیەوە، ئێمە بینیمان تا گیانی دەرچوو دەستی لە زیخو خۆڵەکە گیردەکرد، تا مرد توند وەکو عاشقێکی پیرۆز باوەشی بە خۆڵی کۆڵانەکەدا دەکرد، ئەوە یەکەمجار بوو ئێمە کوشتنی خەڵکی بەچاوی خۆمان ببینین. ئەو ئێوارەیە بۆ ئێمە خراپترین ئێوارەی ژیانمان بوو، هەردووکمان ترس ڕۆچووبووە ناو مۆخمانەوە، تا بەیانی هیچمان لەترساندا نەخەوتبووین، کۆڵانەکەی ئێمە کۆڵانێک بوو پڕبوو لەماڵی داڕوخاو، بەسەر ئەم ماڵە ناخۆشو پڕ مەینەتیانەوە هەمیشە لە بەیانییەوە تا ئێوارە دەیان پۆلە کۆترت دەبینی دەفڕن و تەقلەیان لێدەدا. ئەم کۆڵانە بەم کۆترانەوە جوانبوون، دەیان منداڵت دەبینی بەپێی پەتی خەریکی کۆلارەهەڵدان بوون، خودا هەموو خەڵکی ئەم کۆڵانەی بە برسێتیو نەبوونی دروستکردبوو، دونیای ئەم کۆڵانە پڕبوو لە حیکایەتی نەنووسراوە، من ناتوانم عەشقی (کوڕە دوکاندار)ەکەو (مریەم) ی کوتاڵفرۆش لەبیربەرمەوە. ئاخر بۆ یەکەمجار ئەم دووانە ناوی عەشقیان هێنایە ناو ئەم کۆڵانە غەمگینەی ئێمەوە. مریەمی کوتاڵفرۆش قوماشی ژنانەی دەفرۆش، لە بەیانییەوە تا ئێوارە دەچووە کۆڵانەکانی تر بۆ قوماشفرۆشتن، کە دەشگەڕایەوە لەنزیک دوکانەکەی (ڕەزای کۆمۆنیست)ەوە دەڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە. من تاکو ئێستا هەموو شتەکانی ئەو کچەم لە یادە، ئەگەر جارێک لە جاران من لە نزیکەوە (مریەم)م بدیبایە بۆ یەکتری پێدەکەنیین، عەشقی ئەو دوانە چەند سەیر لەم کۆڵانەدا باسدەکرا، پیرەکانو پیاوە ئیماندارەکان رقیان لە هەردووکیان هەڵگرت بوو، ئەوان وایان دەزانی عەشقی ئەم دوانە ڕەنج و ئیمانیان دەبات، وایان دەزانی ئەم کۆڵانە نغرۆدەبێت بە عەشقی ئەم دووکەسە، وایاندەزانی خودا هەموو خێرو بێرێک لەم کۆڵانەدا هەڵدەگرێت لەپای عەشقی ئەو کوڕو کچە. ئاخر شتەکان لەم کۆڵانەدا گێڕانەوەیان تەواونابێت، کەس ناتوانێت بەر بە ناتەواوییەکانی ئێرە بگرێت. چەند مەخلوقێکی سەیربوون خەڵکی ئەم کۆڵانە، ئەگەر جارێک باران زۆر بە خوڕ بباریبایە ئەوا خەڵکی ئەم کۆڵانە وایان دەزانی خودا غەزەبی لێگرتوون، یان ئەگەر بایەکی توند هەڵی بکردایە ئەمان دەترسان کە خودا نغرۆیان دەکات، نازانم چۆن چۆنی ئاوا پێکەوە لەم کۆڵانەدا کۆببوونەوە، من هەستم نەدەکرد ئەم کۆڵانە لەم شارەدابێت، کۆڵانێک بوو بەردەوام دووردەکەوتەوە لەشار، ژیان تێیدا دەبووە ژیانی ناو کێوە دوورەکان، دوور دوور لە هەموو شتێکی جوان، ئاوا ئێمە لەم کۆڵانەدا تەمەنمان بە هیچ و پووچی دەبردە سەر، ئێمەش بەشێکبووین لە حیکایەتێک کە زۆر درەنگ هەستمان بە کۆتایی بوونی خۆمان کرد..

ئەو لە ناوەڕاستی پۆلی پێنجی وێژەیدا ئیتر بەیانییەک بڕیاری دا دەست لە خوێند هەڵبگرێت، بۆ من گرانبوو ئەو لەگەڵمدا نەیەتە قوتابخانە، پێی وتم (ئیتر بۆخۆم دەژیم، ناتوانم هیچی تر

بخوێنم، ناتوانم بە قسەی باوکم بکەم، ئیتر دەبێ من لەم بەرگە سەخیفەی خۆم بێمە دەرەوەو لەم کۆڵانە ترسناکە خۆم رزگاربکەم، هەموو شتێکی من ببووە بە گوناه، من لەماڵی مردووەکان دێمە دەرێ، رێگایەک بۆ ژیان دەدۆزمەوە، ناو ماڵەکەی ئێمە پڕ لە حەرفی ترسناک، چەند گرانە من هەمیشە باوکێکی مردووشۆر ببینم، باوکم بەردەوام پێم دەڵێ توخنی عەشقو ژن نەکەویت، پێم دەڵێت گرانە کوڕەکانمان هیچ بۆ ژیانی ئەو دونیایان نەکەن. بەشێک لە ئێمە هی باوکمانەو ناتوانین ئەو بەشە لە جەستەی خۆمان دووربخەینەوە، بەردەوام دەبێ ئەو بەشە بە پیرۆز رابگرین، چونکە هی باوکێکە گوناه قبوڵناکات، بەڵام بەشەکەی تر هی خۆمەو هەرچی لێدەکەم دەیکەم گرنگ نییە ئیتر من دەبمە ئەو کەسەی بۆ یەکەمجار لەم کۆڵانەدا لە گوناه هەڵدێت، من تاکو ئێستا تا ئەم تەمەنە نازانم خۆشی باوشی ژن چیە، نازانم دەسپەڕ چ خۆشییەکی هەیە، نازانم ئەندامی نێرینەم هەیە یان نا، ناتوانم تەماشای کچێک بکەم، باوکم هەموو ئەم شتانە بە گوناه دەزانێتو جەستەمی وێرانکردووە، بەردەوام قسەم بۆدەکات کە ئەم شتانە گوناه و ئەم شتانە بێگوناه، ئەو نایەوێت من تامردن لەگەڵ هیچ ژنێکدا بدوێم، نایەوێت من تاکە حەرفێک بۆ ژن و عەشق بنووسم.. هەموو شتێکی من بۆگەنی کردووە، من لەناو ماڵێکدا دەژیم خەریکم دەخنکێم، بۆ ئەوەی بژیم دەبێ هەڵبێم لەم ماڵە، دەبێ هەڵبێم لە حەرفە پیرۆزەکان، دەبێ هەڵبێم لەماڵی مردووەکان)

ئاوا من توانیم نامە شاراوەکانی ناو ناخی ئەو بخوێنمەوە، چەند جوان بوون حەرفی ئەو نامانەی کە لە ناو دەرونێکی غەمگیندا تاکو ئێستا شاردرابوونەوە، دەبێ چەند هەزار نامەی ئاوا لەناخی کەسانی ئەم شارەدا سوتابێتنو کەس نەیخوێندبێتنەوە. من دەمویست زیاتر بدوێت تا حەرفێک لەو نامانە نەمێنێت من نەیبیستم، دەدوا لە بەردەم مندا حەرف بە حەرفی نامە شاراوەکانی ناو دەروونێکی وێرانبووی پێ دەوتم، دەیوت: ئێمە چین کە بەردەوام گوێگرێکی تەمەڵ بین لەبەرامبەر کەسانێکدا کە هەموو شتێک بە گوناه دەزانن، بۆ نەتوانین دەست بۆ دەستی ژنێک یان دەست بۆ نووسینی نامەیەک ببەین، بۆ دەبێ جارێک نەتوانین دەست بۆ پرچی کچێک بەرین؟ ئێمە کوژراوی ناو ماڵەکانی خۆمانین، دەکوژرێین بەبێ ئەوەی کەس دواجار لەسەر خوێنەکەمان هەڵبداتێ، سەدانو هەزاران کەس بەم دەردە لەم شارەدا دەکوژرێن، ئەو کوژراوانە گوللە نانین بەسەر دڵیانەوە، نا بەڵام بە جۆرێکی ترسناک تر دەکوژرێن، بەو حەرفانە دەکوژرێن کە لە ناخیاندا هەر لە منداڵییەوە جێگیر دەکرێنو وەکو ژەهر بە ناخیاندا رۆدەچێت، ئیتر ئەو حەرفانە دەیانکوژێت، ئەمە خراپترین کوشتنە لە ژیانی ئێمەدا، کوشتنێکی ترسناکانەیە دەرهەق بە رۆحمان. بۆ ئەوەی ئێمە رزگارمان ببێت دەبێ جەستەی خۆمان لە ناو دروودو وەزیفەی حەرفی کتێبە پیرۆزەکاندا دەربهێنین. زۆر بوون ئەو نامانەی لەناخی خۆیدا هەڵی گرتبوون ئەو تەنیا بۆ منی دەخوێندنەوە، نەک بۆ کەسانی تر.



## دوا وێنەکانی ئەم کەسە...

ئێمە هەر یەکەمان کەوتبووینە دوو دونیای جیاوازەوە، هەموو گێڕانەوەکان بۆ ئەو دوو دونیایە



زۆر ناتەواوی بەخۆیەوە دەگرێت، کەس ناتوانێت ئەو ناتەواویانە پڕبکاتەوە، چونکە کەس لە خەڵکی ئەم کۆڵانە تێناگات وەکو ئێمە، بۆ ئەوەی دوا وێنەی ئەوتان بخەمەوە بیر دەبێ کەمێک بگەڕێمەوە بۆ ژیانی خۆم بەمجۆرە: لە حەوتەم مانگی چوونم بۆ بەرەکانی جەنگ، وەکو سەربازێکی ترسنۆک بەدیل گیرام، لە دوای سیازدە ساڵ تەمەنم بە دیلێتی لە زیندانەکانی وڵاتی فارسدا، دیلکردنێک کە هەموو رۆحو جەستەو بیرم، هەموو شتەکانم بە دیلێتی سپارد، لە ناو ئەو هەموو ساڵانەشدا لە ناو ئەو هەموو لەبیرچوونەوانەشدا نەمتوانی بوو (ئەو) لە یادبکەم، نەمتوانی بوو لە دیلێتیشدا نامە بۆ کەس بنێرم، تەنیا بۆ ئەو نەبێت. لەگەڵ گەڕانەمدا دونیایەک شتی سەیرم بینی لە کۆڵان و شارەکەمدا، لە هەموویان سەیر تر ژیانی ئەو بوو، من بەگەڕانەوەم بۆ کەس نەگەڕام تەنیا ئەو نەبێت، ئەوم بینی، تەماشای کەس ناکات، هەنگاوەکانی نەیدەبردەوە بۆ ناو ماڵەکەیان، پاڵتۆیەکی توکنو کراسێکی بۆری لەبەردابوو، خەڵکی دەیان وت بۆ چەند ساڵێک دەبێ بەوجۆرە دەژی، لەو رۆژەوە بۆ دەیان جار من دوای دەکەوتم، ئێواران کە دەگەڕایەوە دەچووە ناو دارستانەکە، زۆر شتیان پێ دەوتم لەسەر ئەو، دەیان وت حەرفەکانی باوکی ئەویان شێت کردووە، ئەو حەرفانە نەیانهێشتووە لە عەشقی کچێکدا بژی، باوکی هەموو حەرفە ژەهراوییەکانی تا گەورەبوون دەرخوارد داوە، دەیان وت لە دوای ونبوونی تۆ ئەویش روودەکاتە ناو ئەو دارستانە چڕوپڕەو تاکو ئێستا شەوان لەوێدا دەنوێت، من کە لە دیلێتی ئازادکرام و گەڕامەوە ناو ژیانێکی لە دیلکردن خراپتر، ئەوەم دەزانی (ئەو) هەموو شتێکی خۆی لەو ماڵەدا بەجێهێشتووەو ژیان لە دەرەوەی ئەو ماڵە دەباتەسەر، دەمزانی ساڵانێک لەوەوبەر ئەو بڕیاری دابوو ئیتر گوێ لە باوکی نەگرێت. نەمتوانی شوێنی نەکەوم، دەبوایە ئاوام بکردایە بەدەم چەند گۆرانییەکی عاشقانەوە بەرەو ناو دارستانەکە دەڕۆیشت، دەمبینی زۆربەی ئێواران زەرفێکی پێ بوو، ئەو منی لەبیرچووبووەو قەت نەیدەناسیمەوە، بۆ یەکەمجار کە ئەوم بینی لە دوای بەربوونم بە هەموو توانامەوە گریام لەبەردەمیدا، کەچی ئەو تەنیا لوتە باریکەکەی خوراندو جێیهێشتم، وێنەی تەمەنی ئەو ئێستا زۆر گۆڕاوە، کەس ناتوانێت ئەو لە نێوانی مرۆڤێکی ئاقڵ و مرۆڤێکی شێتدا لەیەک جودا بکاتەوە، هەموو ئەو شتانەی من لە دیلێتیدا لە بیری خۆمدا بۆ ئەوم کێشابوو هەڵەبوو، من وامدەزانی ئەو ئێستا کەسێکی عاشقو موسافیرو یاخییە لە وڵاتدا، هەموو شتەکانم هەڵەبوون، ئەو هەموو ئەو شتانەی باوکی بۆ گوناه بۆی گێڕابووە ئەویان ئاوا لێکردبوو، هەموو شتێکیان لا حەرام کردبوو، هەر لە تەماشاکردنی ژنێکەوە تا دەسبردن بۆ درەختی ماڵێک، هەموو ئەو شتانە ئەویان گەیاندبووە ئێستا، ئێستاش بۆ ئەو شتێکی ترە. خەڵکی دەڵێن هەرچی بکات گوناه نییە، چونکە شێتە، منیش نەمدەتوانی بزانم شێتە یان کەسێکی ئاسایی.. تەنیا ئەوەم دەزانی کە جارێک لە جاران بڕیاری دابوو ئیتر بۆخۆی بژی.

دەبێ بەر لەکۆتایی ئەم گێڕانەوانە بۆ وێنەکانی

ئەو ئاوا شتەکانی بگێڕمەوە:
من شوێنی دەکەوتم بۆ ناو درەختەکان، بۆ یەکەمجار تا دەیەم جاریش بڕوام بەوە نەدەکرد کە دەیبینم، بەیانییەک کە ئەو ناودرەختەکانی بەجێهێشت، من خۆم گەیاندە ئەو شوێنەی کە شەوان لێی دەنووست، ژوورێکی بە تەنەکە شکاو و تەختە دروستکردبوو، کۆتەرەیەک کە هەر مەترێکو چل سانتیمی مابووەوە، لە ناو ژوورەکەیدا هەبوو، بەرگێکی ژنانەی مۆری لەبەرکردبوو، بە ناو قەدیەوە پارچەیەک پشتوێنی سپیی بەستتبوو، لە چکێکی پرتەقاڵیی دابوو بەسەریداو بە بۆیە دەموچاوی ژنێکی جوانی لەسەر کێشابوو، ئەو نیوە درەختە وشکە، ئاوا لە ژنێکی گەنج و تازە بوکی دەکرد بەو بەرگە ئاڵاو واڵایانەوە، لە ژنێکی دەکرد کە خودا کردبێتی بە درەخت. ئەو کۆتەرە وشکەی لە ناو ئەو کوخە پەڕپووتەدا جێکردبووە، کە خۆی شەوان تێیدا دەنووست، چەند سەیر وەکو ژن رازاندبوویەوە، لەو کوخەدا چەند دەستە جلوبەرگی ژنانە هەبوو، لە ناو قەدی ئەو کۆتەرەیەدا کونێکی تێکردبوو، کونێکی کەوانەیی کە لە ئەندامی مێینەی ژنی دەکرد، لە رێکی ئەوکوونەوە دەرپێیەکی کورتی سووری گوڵ سپیی ژنانەت دەبینی کە بە لاستیکێکی ئەستوور بەسەر ئەو کوونەوە رایگرتبوو، ئەو قسەیەی خۆیم بیرکەوتەوە کە ساڵانێک پێشتر پێی وتبووم (ئێمە کە حەرفەکانی باوکمانو ئەم کۆڵانە شێتمان دەکەن، زۆر جودا دەبین لەو کەسانەی تر کە بەشتی تر شێت دەبن) چەند سەیرم لەو کۆتەرەیە دەهات کە کردبوویە ژن، ئاخر چەند سەیر بە بەرگی ژنانە رازاندبوویەوە، تێگەیشتم گوناه و حەرام بوون چەند زوو ئاوا شێتمان دەکات، ئیتر زۆر شەو، من تا درەنگ لە دەرگای کوخەکەیەوە تەماشای شەوانی ئەوم دەکرد، دەمبینی ئەو شەوانەی ئارەزووی لە گانکردن بووایە هەڵدەستا دەرپێ سوورەکەی لادەبردو ئەندامی نێرینەی دەخستە ناو کونی کۆتەرەکەوە، چەند سەیر بەگەرمییەوە باوەشی پێیدا دەکرد، کراسەکەی سەیر هەڵدەدایەوە، سەیر ماچی دەکردو وەکو ژنێکی میهرەبان دەیدواند، بە قوربانی رۆحی دەبوو، کە رەحەتیش دەبوو، پاڵی دەدا پێوەیو دەستی دەکرد بەجگەرەکێشان. بۆ دەیان شەو من بینیم ئاوا شەوی دەبردە سەر، کە دەنووست بە دەنگی بەرز شەوباشی لەو درەختە ژنە دەکرد..
من ئیتر چۆن بتوانم هەموو شتەکانی ئەو لە بیربەرمەوە یان نەیانگێڕمەوە؟ ئەوێک کە حەرفی شتە حەرامەکانی لای ئێمە لەم کۆڵانەدا کردی بەم ئینسانە غەریبە؟ (ئەو) کاتێک مرد شەوێک من لە نزیک دارستانەکە دانیشتبووم، بە تەنیا من پرسەم بۆگرت بوو، چونکە لای ئێمە پرسە بۆ شێت ناگرێت، بینیم ئەو کۆتەرەیە لە شەوی دەیەمی پرسەکەدا، بەبەرگێکی رەشەوە بووبوو بە ژنێکی رەشپۆشو هێواش هێواش دەهات، بەدەم گریانەوە لە بەردەرگای ماڵە کۆنەکەی باوکی ئەودا گڕی لە جەستەی پیری خۆی بەردا. من بە هەموو توانای خۆمەوە هاوارم دەکرد ژنێک خۆی سوتاند، کەس بەدەنگمەوە نەدەهات. بۆ بەیانی خۆڵەمێشەکەی با بە کۆڵانەکانی ئەم شارەدا بڵاوی دەکردەوە.

